کۆڵبەری وەک تاکتیکی ئابووری یان ستراتیژیی سیاسی

محەممەد خۆشچێهرە

ئەم بابەتە پێشتر و لە کاتی ناپەزایەتییەکانی شاری بانە لە ساڵی ڕابردوودا نووسراوە و بڵاو کراوەتەوە، بەڵام بە هۆی ئەوی کە جارێکی تر شاری بانە و مانگرتنی کاسبکاران و کۆڵبەرانی ئەو شارە بووەتە ڕۆژەف، ئەم بابەتە لە بەر ناوەڕۆکەکەی و پەیوەندیی بە ڕۆژەفی کۆڵبەرییەوە جارێکی تر بڵاو دەکرێتەوە.

کۆڵبەری وەک تاکتیکی ئابووری یان ستراتیژیی سیاسیی ئامانجدار

دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکان لەو وڵاتانەی کە داگیریان کردووە گەر بەزر یان بازاڕ یان بنەمای پرۆژەیەکی ئابووریان چاند بێت بە دڵنیاییەوە بۆ چنینەوەی بەرژەوەندیی ستراتیژی و سیاسی و ئابووری ئامانجدار کردوویانە و زیاتر مەرامی سیاسی و ئەمنی لە پشتە و بۆ دزین و بەتاڵانبردنی سامانی کۆلۆنی و ئەو خاک و وڵاتەی کە داگیریان کردووە یان بۆ بێبەشکردن لە داهات و سامانی گشتیی وڵات، بووە. کوردستان وەک خاک و نیشتمان و کورد وەک نەتەوە، وڵات و نەتەوەیەکی داگیرکراوە. نێزیک بە سەدەیەک خەباتی هەیە لە میژووی سەردەمی نوێدا بۆ ئازادبوون لە داگیرکراوی، تا ڕۆژی ئەمڕۆیش بە هەموو جۆرێک لە هەوڵدایە بۆ دەرچوون لە بندەستیی. لە ڕووی شێوازی خەبات و خستنەڕووی داخوازییەکانی، دیموکراسیخوازی تایبەتمەندیی بەرچاوی بزووتنەوەکانی بووە و هەر ئەو تایبەتمەندییەش بەردی بن ددانی دەوڵەتانی داگیرکەری بووە.

دیموکراسیخوازی و بانگەوازی بۆ دادپەروەری و بەشداری و شراکەتی سیاسی و ئابووری، ئەو تایبەتمەندییانەی بزووتنەوەی کورد کە داگیرکەرانی دەستبەستراو کردووە کە نەتوانن کورد پاکتاو بکەن و بیسڕنەوە. لە ئێستادا پرسی کورد، دیموکراسی و دادپەروەری سیاسی و ئابووری و یەکسانیی کلتووری و ڕەوایەتی پێگەی میژوویی دەسەڵاتداریی لە ناوچەکەدا پێکەوە گرێداوە، هەر بۆیە دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان بۆ هەڵگەڕاندنەوەی پرسی کورد بە دیوێکی تردا و داپۆشینی بە پەردەی تر، کراوەتە ستراتیژی کاری سیاسییان و بۆ سەرکەوتن بە سەر کورددا توانیویانە ئەزموونی باش دەستخەن و تا هەنووکەش ئەوان لە کورد سەرکەوتووتر بوون(ئەوە بەو واتایە نایەت کە کورد نەیتوانیوە سەرکەوتن دەست بخات، بە پێچەوانەوە سەرکەوتنەکانی کورد ئەوانی دەستەپاچە کردووە و لە هەوڵی بەدناوکردنی ڕوومەتی حەقخواز و ڕەوای گەلی کورد دان) و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران تایبەتیتر کوردیان کردووەتە ئامانج (لە میژەوە وتراوە کە عەرەب و تورک شمشێرەکانیان بە ئاشکرا بە ڕووی کورددا هەڵکێشاوە بەڵام فارسەکان بە لۆکە سەریان دەبڕن). پرسی کورد لە ئێران پرسێکی سیاسی ڕووتە (لە هەر چوارپارچەی کوردستان وایە) کۆماری ئیسلامیی ئێران، بۆ دامالینی سیاسیبوونی پرسی کورد، پرسی ئابووریی، گەورە کردووتەوە و لە هەوڵی بە ئابووریکردنی پرسە سیاسییەکەی کوردە و خەریکە سەردەکەوێت (تا ئێستا سەرکەوتوو بووە). سیاسەتی بە ئەنقەست هەژارکردنی خەڵکی کوردستان و پەرەپێدانی کێشەی ئابووری لە ناوچە کوردییەکان و سەرمایەگوزاری نەکردن و تەرخان نەکردنی پرۆژە ستراتیژیکییە بەرهەمهێنەرە سەرمایەزاکان لە کوردستاندا، هەمیشە پەیرەو کراوە و لە هەمانکاتیشدا کانزا و بەرهەمی کەرتە جۆراوجۆرەکانی کوردستان براوە بۆ ناوەندی ئێران بۆ بە کەرەستەکردن و بەرهەم تا ڕەوانەی بازاڕ بکرێت و هەنارەکردن و بازرگانی پێ کردنەکەشی لە خزمەتی گەشەی ئابووریی ناوەندی ئێران بە کاریان هێناوە. لە پاڵی سیاسەتی بە ئەنقەست هەژار کردن، سیاسەتێکی ستراتیژیکیی ئامانجداری وەک خەڵاتی بژێوی بە ناوی کۆڵبەری پێشکەش بە ناوچە سنووربییەکان لە کوردستان کردووە، کۆڵبەریی لە ڕەواڵەتدا، ڕێگایەکە بۆ پەیداکردنی بژێوی، یارمەتیدەرێکی باشە بۆ کەم دەرامەتانی ناوچە سنووربییەکان و باش خەباتی کورد میژوویەکە لە هەوڵدان بۆ سەروەربوونی دیموکراسی و ئازادی و پاراستنی کەرامەتی ئینسان و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، دوژمنانیشی ناتوانن چیدی لە دنیای نوێدا هەمان سیاسەتی سەرکوتی پێشوو بەکار بهێن کە مەحکوومە لە بەرچاوی کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا، پەکێجی کۆڵبەریی سیاسەتەکان دەگۆڕێت و ڕێگەچارەی نوێ دەخاتە بەردەم دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ بەگژداچوونەوەی ئەو تایبەتمەندییانەی بزووتنەوەی کوردیی، سەرکوتکردن و بە پادگان کردنی کوردستان بە بیانووی پاراستنی ئابووریی وڵات و بەگژداچوونەوەی قاچاخچییەتی

5 - کۆڵبەریی دەتوانێت ڕق و کینەی گەلانی ئێرانی و ناوەندنشینەکان، بەرانبەر بە کورد هەڵبگیرسێنێت کە کۆڵبەرەکان و کوردەکان شیرازەی ئابووریی وڵاتیان تێکداوە، لە پەکێجی کۆڵبەریدا، پەیوەندییەکانی نەتەوەکانی ئێرانی و تایبەت ناوەند لە گەڵ کورددا تێکدەدات و ڕێگری لە دروستبوونی هەستی هاوەردی لەگەڵ نەتەوەی کورد دروست دەکات. هێرش بۆ سەر کورد و سەرکوتکردنی کورد و بە پادگان و سەربازیکردنی کوردستان لە ڕوانگەی زۆرینەی ئێرانییەکانەوە، ڕەوا دەکرێت.

دیارە لێرەدا تەنیا چەند خاڵی بەرچاو باس کراوە بەڵام لە ڕاستید زۆر لێکدانەوەی تر هەڵدەگرێت و پێویستی بە خوێندنەوەی ورد هەیە کە ڕێگەدان بە کۆڵبەریی و دواجار بە کۆڵبەرکردنی کورد چ ئامانج و ستراتیژییەکی لە پشتە بۆ شکاندنی کەرامەت و بەرزەخۆیی و کەسایەتیی کورد و هەروەها بەلاڕێدابردنی دۆزە ڕەواکەی و هەڵگەڕاندنەوەی بە دیوی ناشیرینا و بە تاکتیکی ئابووری.

◇

سەرکەوتن دەست بخات، بە پێچەوانەوە سەرکەوتنەکانی کورد ئەوانی دەستەپاچە کردووە و لە هەوڵی بەدناوکردنی ڕوومەتی حەقخواز و ڕەوای گەلی کورد دان) و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران تایبەتیتر کوردیان کردووەتە ئامانج (لە میژەوە وتراوە کە عەرەب و تورک شمشێرەکانیان بە ئاشکرا بە ڕووی کورددا هەڵکێشاوە بەڵام فارسەکان بە لۆکە سەریان دەبڕن). پرسی کورد لە ئێران پرسێکی سیاسی ڕووتە (لە هەر چوارپارچەی کوردستان وایە) کۆماری ئیسلامیی ئێران، بۆ دامالینی سیاسیبوونی پرسی کورد، پرسی ئابووریی، گەورە کردووتەوە و لە هەوڵی بە ئابووریکردنی پرسە سیاسییەکەی کوردە و خەریکە سەردەکەوێت (تا ئێستا سەرکەوتوو بووە). سیاسەتی بە ئەنقەست هەژارکردنی خەڵکی کوردستان و پەرەپێدانی کێشەی ئابووری لە ناوچە کوردییەکان و سەرمایەگوزاری نەکردن و تەرخان نەکردنی پرۆژە ستراتیژیکییە بەرهەمهێنەرە سەرمایەزاکان لە کوردستاندا، هەمیشە پەیرەو کراوە و لە هەمانکاتیشدا کانزا و بەرهەمی کەرتە جۆراوجۆرەکانی کوردستان براوە بۆ ناوەندی ئێران بۆ بە کەرەستەکردن و بەرهەم تا ڕەوانەی بازاڕ بکرێت و هەنارەکردن و بازرگانی پێ کردنەکەشی لە خزمەتی گەشەی ئابووریی ناوەندی ئێران بە کاریان هێناوە. لە پاڵی سیاسەتی بە ئەنقەست هەژار کردن، سیاسەتێکی ستراتیژیکیی ئامانجداری وەک خەڵاتی بژێوی بە ناوی کۆڵبەری پێشکەش بە ناوچە سنووربییەکان لە کوردستان کردووە، کۆڵبەریی لە ڕەواڵەتدا، ڕێگایەکە بۆ پەیداکردنی بژێوی، یارمەتیدەرێکی باشە بۆ کەم دەرامەتانی ناوچە سنووربییەکان و

دریژەی لاپەڕە ٦

دین سالار و ستەمکاری کۆماری ئیسلامی بەڵکوو ئالترناتیف و جێگرەوەکانی داهاتوویشی دەگرێتەوە، هەوڵ بۆ تێپەڕاندنی کۆمەڵگە بۆ کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دیموکراتیک، فەلسەفەی وجوودیی یەکێتیی دیموکراتی کوردستانە و باوەڕی وایە کە هەر جۆرە دەسەڵاتێکی دین سالار یان ئایدۆلۆژی سیاسیی تۆتالیتاریستی و سیستەمە هاوشێوەکانی، گەورەترین کۆسپ و ڕێگرن لە بەردەم جێگیر بوونی کلتووری دیموکراتیک لە نێو کۆمەڵگە و پێشکەوتنی نەتەوە و گەلانی ئێرانی، هەر بۆیە دەبێ لە ناو بچن و دەسەلاتی سیاسیی وڵاتیان لێ بسێنرێت و ئاسەوارەکانی هزرین کاریگەری فاندامێنتالیزمی ئایینی و ئایدۆلۆژیکی لە سەر کۆمەڵگە بسڕێتەوە کە لە هەوڵی بەردەوام دایە کە ڕەوتی دیموکراتیک بوونی کۆمەڵگە بە لاڕێدا بەرێت و پاشەکشە بە پرۆسەی دیموکراتیزاسیۆنی کۆمەڵگەی مرۆیی بکات.

یەکێکی تر لە ڕەهەندەکانی فەلسەفەی وجوودیی یەکێتیی دیموکراتی کوردستان، دۆزینەوەی ڕێگاچارەی دیموکراتیکانەی پرسی کوردە لە ئێران. وڵاتی ئێران، وڵاتێکی موزائیکیی فرەنەتەوە و فرەئایینە کە لە ئێستادا تەنیا یەک شوناسی نەتەوەیی و ئایینی دەسەڵاتی بە دەستەوەیە و هەموو پێکهاتەکانی تری نێو وڵات، پەراوێز خراون و بە تونديش سەرکوت کراون، لە نێوان نەتەوەکانی ئێران، کورد زیاترین ڕۆڵی هەبوو لە میژوو و کلتووری ئێراندا بەڵام لە ئێستادا، زیاترین ستەم و سەرکوت و بێبەشکردن لە بەڕیوەبردنی وڵات، ڕووی لە کوردە، کورد لە ئێران لە هەموو مافە سیاسی و ئابووری و کلتووری و جڤاکییەکانی بێبەش کراوە و دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران بە شیوەی شۆڤینیستی، کوردی لە هەموو پێشکەوتنە سیاسی و کلتووری و ئابوورییەکانی بە دوور گرتووە و مافی هاووڵاتی بوونی لێ زەوت کراوە، یەکێتیی دیموکراتی کوردستان باوەڕی وایە کە دەبێ چارەسەرێکی دیموکراتیکانە بۆ پرسی کورد لە ئێران پەیرەو بکرێت کە ئەویش دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسیی دیموکراتیک پایەیە کە مافی هەموو نەتەوە و ئایینەکانی ئێرانی تێدا پاریزراو بێت و هەمووان بە کلتوور و تەبەتمونديیە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیانەوە بەشداری پرۆسەی سیاسی بن و لە بەڕیوەبردنی وڵات دا هاوبەش و هاوشان و یەکسان بن، بۆ ئەو مەبەستەش باشترین چارەسەر دامەزراندنی سیستەمێکی فیدرال و دیموکراتیکە کە کۆ کەرەوەی هەمووان بێت و مافی هەمووان دابین و دیاریکراو و دەستەبەرکراو بێت.

کۆتایی بەشی یەکەم